# لە پوچییەوە تا بەرەنگاری

٤ هەڵبژاردەیەک لە ئایدیا
بڵاوکراوەکانی فەیسبوک

وەلید عومەر

# پێشەکی:

ئـەوەی لـەم کۆکراوەیـەدا هاتـووە، هەڵبژاردەیەکـە لـەو ئایدیایانـەی کـە لـە چـوار تـا پێنـج سـاڵی ڕابـردوودا لـە فـەزای مەجـازی بڵاوبوونەتـەوە. ئامانـج لـە کۆکردنەوەیـان ڕوونـە: یەکـەم، پاراسـتنیان لـە فەوتـان و بیرچوونـەوە. دووەم، ئاسـانکاری و بەردەسـتبوونیان بـۆ خوێندنـەوە. سـێیەم، چوونـە ژێـر بەرپرسـیاریی زۆرێـك لـەو شـتانەی کـە دەیڵێـین و دەینوسـین(بەتایبەت لـە فـەزای مەجازییـدا کـە پـتر وەك کـەشی بێبـاکی دەردەکەوێـت). ئەکاونت(هەژمـار)ی فەیسـبوك، گەرچـی لەڕواڵەتـدا دەتوانێـت ڕۆڵـی ئەرشـیف بگێڕێـت، بـەڵام بـە حوکمـی ئـەوەی سـەر بـە فەزایـەکی قەرەباڵغـترە ئـەوا ڕۆڵەکـەی کاڵدەبێتـەوە. کۆکردنـەوەی هەندێـك لەوبۆچـوون و سـەرنج و ستاتوسـانە لـە کتێبێـکی ئەلیکترۆنییـدا، ئاسـانکارییەکی زیاتـرە بـۆ خوێندنـەوە.

لـە ئاسـتی شەخسییشـدا، فەیسـبوك بـۆ بنـوسی ئـەم بۆچوونانـە، جۆرێـك بـووە لـە مەشـق و تەمرینـی نوسـین(گەرچی پێشـتر دارشتن-انشـاء-ی قوتابخانـە ڕۆڵـی بـۆ هـەر کەسـێك هەبـووە کـە عەشـقێکی بـۆ نوسـین هەبووبێـت). لـەم ماوەیـەدا کـە ئـەم فلاشـە کـورت و کەمتـازۆر درێژانـە نـوسراون، کۆمەڵێـك هەڵبەزودابـەز هەبـووە؛ جـا چ لـەڕووی فۆرمـەوە بووبێـت یـان نـاوەڕۆك. چ زمـان و دارشـتن و توانـای تەعبـیر بێـت، چ پاڵنـەری فیکـری و سیاسـییانە بووبێـت. لـە سـەرەتاکانەوە بیرێـکی کەمتـازۆر ڕەشـبینانە و نیهیلیسـتی هەیـە، پاشـان وەردەگەڕێـت بـۆ جۆرێـك لـە خوێ،دنـەوەی سیسـتەم و بەرەنـگاری. بـەڵام لەڕاسـتیدا ئـەم وەرگەڕانـە، گەرچـی

پلەپلـە بـووە، بـەڵام پەیوەندییـەکی دیالەکیتکییـان بەیەکـەوە هەیـە: بەرەنـگاری دەتوانێـت چـارەی ئـەو ڕیشـە نیهیلیسـتییانە بێـت کـە هەسـتماندەکرد بێچـارەن. وەرچەرخـان لـە بیرکردنـەوەدا لـە قۆناغـەکانی گەنجییـدا، ئەگـەر وەرچەرخانێـکی تەدریجـی و پەیوەسـت بێـت، دەتوانێت ڕۆڵـی ئیجابیـی هەبێت بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕابـردوو و ئێسـتاش. بـە مانایـەکی تـر، لـەو زەمەنـەدا کـە ئـەم شـتانەی تیـا نـوسراوە، پرۆسـەی بەسـوبێکتبوون ئەزموونەکەیـن. سـوبێکت بەیـەك جـار نابێتـە سـوبێکت، بەڵکـو بـە گـۆڕان و صەیروورەیـەکی مێژووییـدا دەبێتـە سـوبێکت و کۆتایـی ئـەم پرۆسـەیەش داناخرێـت. سـادەتر: بـە گەڕانـەوە بـۆ دواوە، تێدەگەیـن بەشـێك بوویـن لـە سـیناریۆی بەسـوبێکتبوون، بەشـێك بوویـن لـە پرۆسـەیەك کـە ملکەچـی هەلومـەرج بـووە و بەرەهایـی ئـیرادەی ئێمـە ئیـشی تیـا نەکـردووە. لـە سـەرەتدا گـەر جۆرێـك لـە جەبـر لـە ئایدیـا و پۆسـتەکاندا ببینرێـت، ئـەوا دواتـر وەردەگەڕێـت بـۆ خوێندنـەوەی سیسـتەم و تەرحکـردنی بەرەنـگاری. بۆیـە بەشـێوەیەکی» ڕوولەپـاش» و ڕیترۆئەکتیـڤ، تێدەگەیـن هیچـکام لـە ئایدیـاکان زیـادە نەبـووە و دەتوانێـت بەشـێك بێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە زەروورەتی بەرەنـگاری.

فیکـر دەبێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکات. بەپێچەوانـەی ئـەو کلێشـە کوردییـەوە کـە دەڵێـت: نابێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکەین. ئـەم (هەمـوو شـتە...) بـەو مانایـە نایـەت بـاسی فیزیـا و بـیرکاری بکرێـت، بەڵکـو بـەو مانایـە دێـت کـە هەمـوو دیاردەکان و شـتەکان قابیلی تێڕامانـن و فیکـر دەتوانێـت لێیـان وردببێتـەوە. ئـەم وردبونەوەیـە، بـە کەرەسـتەی تایبەتیـی فیکـر خـۆی ئەنجامدەدرێـت. فیکریـش لێـرەدا ناوێـکی گشـتییە بـۆ فەلسـەفە و دەروونشـیکاری و تەنانـەت نیشـانەناسی و دەروونناسـی و کۆمەڵناسـی. ڕەنگـە لـە ئایدیایـەکی کورتـدا، پشـکی هەریەکـە لەوانـەی تێکەوێـت؛ بەبـێ ئـەوەی ناویـان بهێنرێـت و بـواری باسـکردنیان هەبێـت. پاشـان قەبـارەی ستاتوسـەکانی فەیسـبوك، زیاتـر بـواری ورووژانـدنی باسـێك دەدات، یـان مەجالـدەدات دەرەنجامـی کێشـەیەك بخەیتـەڕوو. زۆرجاریـش تەنیـا تەرحێـکی سـەرەتایی و کرچـوکاڵ بێـت و لـە کاتێـکی تـردا ئیـشی لەسـەر بکرێتـەوە. ئـەم ئایدیایا کۆکراوانـە، جار هەیـە لـە زمانێـکی ئـەدەبی نزیکدەبنـەوە و جاریـش هەیـە کۆنکرێتـی و شـیکاری. لەکـۆی هەمووشـیاندا هەوڵـدراوە جۆرێـك لـە زمـانی نـوێ و داڕشـتنی نـوێ بهێنرێتـە ئـاراوە. لـەوەدا چەنـد سـەرکەوتوو بـووە، درەنگـتر دەردەکەوێـت. هـاوکات بەبـێ ئەخلاقیکردنـەوە و خاکیکردنـەوەش، دەبێـت

بڵێـین مەشـقی نوسـین، خاڵـی نیـە لـە هەڵـەی تیـۆری و پارادۆکـس و ناکۆکیـی فیکـری. بـەشی هـەرەزۆری پۆسـتەکانیش کـە کـورت بـوون و پارچەپارچـە بـوون، لـە ناواخنـدا تەعبـیرن لـە پارچەبـوونی دونیـا خـۆی. بـەڵام ئـەم پارچانـە قابیلیـەتی کۆکردنەوەیـان هەیـە و دەکرێـت حەکایەتێـکی گشـتی بـۆ ڕزگاری داتاشـین و پارچـە ناچونیەکـەکان کۆبکەینـەوە. سیسـتەم خـۆی لـە ڕوکنـی جیاجیـاوە سـیمای خـۆی دەردەخـات و جاریـش هەیـە سـیمای خـۆی دەشـارێتەوە. بـەم پێیـە، پێویسـتدەکات هەرجـارە لـە ڕوکنێکـەوە هەوڵـی بینـین و خوێندنـەوەی سیسـتەم بدەیـن.

پێـش ئـەوەی واڵـی فەیسـبوک وەك «ئیمکان»ێـك دەرکەوێـت، بێزارییـەك لەلایـەن نوخبـەوە دەبیـنرا سـەبارەت بـە زۆر نوسـین و زۆربـوونی نوسـین. بۆنمونـە دەوتـرا: شـارخەریکە هەمـووی دەنوسـێت، هەمـووی بـووە بـە نوسـەر. ڕیشـەی ئـەم قەناعەتـە بـۆ کۆمۆنیسـتێك زۆر نادیـار نیـە. چونکـە نوسـین پـتر بـۆ نوخبـە بـووە، بـۆ نوخبەیـەك بـووە بەرەکـەی بچنێتـەوە ببێتـە خـاوەنی سـەروەتێکی ڕەمـزی. بـەڵام لەڕاسـتیدا گرنگـە بەرگـری لـە نوسـین بکەیـن وەك پرسـێکی گەنجانـە و جەمـاوەری. زیندووکردنـەوەی عەشـقی نوسـین بـۆ زۆرینـە، سـڕینەوەی ئـەو تەماعـە شەخسـییانەی نوسـەرە کـە کینـەی دەرهـەق بەوانیـتر هەیـە بنوسـێت. نوسـین شـتێك نیـە بکرێتـە موڵکایەتیـی تایبـەت و ئەوانیـتری لـێ مەحـرووم بکرێـت. بـەڵام ئـەم نوسـینەی ئێمـە مەبەسـتمانە، نوسـینێکە کـە لـە خزمـەتی بەرەنگارییـدا بێـت. لەوپـەڕی قووڵیـی خۆیشـیدا، ئەکتێـکی بەرەنگارانـە بێـت. بەرەنـگار هـەر ئـەوە نیـە ڕاسـتەوخۆ ئیدیعـای لێـدانی سیسـتەم و دەسـەڵات و نەریتـە کۆنـەکان بکەیـت، بەڵکـو مەبەسـتەکە پـتر سـتراتیژی نوسـینە. بـۆ دەنوسـین؟ لـە کـۆدت و دەرەنجـام دەمانەوێـت چـی بـگات؟ ئەمـەش لـە پێناسـەی نوسـەربوونەوە دەسـتپێدەکات و دەبێـت ئـەو پێناسـە نیهیلیسـتییە بـۆ نوسـەر تێکبشـکێنین کـە پێـی وایـە نوسـین دوافیشـەکە دەینێیـت بـە خۆتـەوە و هیـچ ارەیـەکی تـرن نیـە. دەبێـت شـتێکی لـەم جـۆرە بڵێـین: نوسـین فیشـەکێکە دەنرێـت بـەو فیگەرانـەوە کـە ئیمـکانی ژیـان بچـوك و بەرتەسـکدەنەوە. کـە تادێـت فۆرمـی تـازەی چەوسـاندنەوە دادەهێنـن. هـەر نیسـبەت بـەم خاڵـەوە گرنگـە ئامـاژە بـۆ شـتێکی تـر بدەیـن: دەنگێـك هەبـوو، ئێسـتاش بەجۆرێـك هەیـە، کـە فەیسـبوك شـوێنێکی جـدی نیـە. لەڕاسـتیدا بـۆ کەسـێك کـە پەیامێـکی هەبێـت و بیەوێـت بـە هـەر نرخێـك بێـت بـگات، ئـەوا فەیسـبوك یەکێکـە لـە ئیمکانـەکان و بگـرە لـە ئیمکانێکیـش

زیاتـرە. چیـتر ئـەو واقیعـە بێگـەردە بـوونی نیـە کـە ڕۆژانێـك واسـەیردەکرا هەیـە. دەتوانـین فەیسـبوك بکەینـە یەکێـك لـە ئیمکانـەکانی نـاو واقیـع بـۆ ئـەوەی بـواری ئیـشی بەرەنگارانـە برەخسـێنین.

سـەرەنجام ماوەتـەوە بڵێـین کـە هەمـوو ئایدیایـەك کـە لـە فەیسـبوك بڵاودەکرێتـەوە، کۆمێنـت و ڕای ئەوانیتریـشی لەگەڵدایـە. ئـەم کۆمێنـت و ڕایانـە، بـە مانایـەك لـە ماناکان، دەبنـە بەشـێك لـە دەقەکـە و ئایدیاکـە. بەشـداردەبن لـە بۆشـایی و زیادەیـی و ئیمکانـەکانی نـاو ئایدیاکـە. بـەڵام لـە ئیشـێکی لـەم جـۆرەدا، کۆمێنتـەکان لـە ئایدیاکـە جیادەبێتـەوە و لـە ڕێگەیـەکی تـرەوە بـەر خوێنـەر و کۆمێنتـی تـر دەکەوێـت کـە ئـەم جارەیـان بـواری نوسـینەوەی نابێـت. جێـی بیرخسـتنەوەیە کـە دەسـکاریی ڕێنـوس و ڕێزمـانی بابەتەکانمـان نەکـردووە تاکـو دۆخ و بـەرواری نوسـینەوەیان بنوێنێتـەوە. لـە ٢٠١٢یشـەوە بـۆ ٢٠١٧ بابەتـەکان ڕیـز کـراون، دیسـان لەبـەر ئـەوەی بـەرزی و نزمیـی بیرۆکـەکان دەرکەوێـت. سـەرەتا چەنـد فۆتۆیەکـمان خسـتە کۆکراوەکـەوە کـە بـۆ ڕوونبوونـەوەی هەندێـك پۆسـت پێویسـت بـوو، بـەڵام لەبـەر قورسـیی کتێبەکـە و قبوڵنەکـردنی لەلایـەن سـێرڤەری سـایتەکەوە لامانـبرد و هیواداریـن نوقسـانی و ناڕۆشـنی درووسـتنەکات. هەروەهـا ئەمـە بەرگـی یەکەمـە لـەم پـرۆژە مەجازییـەی گرووپـی نێگەتیـڤ. بەرگـی دووەمیـش، کۆکردنـەوەی ئایدیـا و سـەرنجەکانی هـاوڕێ «زەردەشـت نورەدیـن» لەخۆدەگرێـت.

2015

# «تەحلیلی سیاسی»

شـیکردنەوەی سیاسـی«تەحلیلی سیاسـی»، یەکێکـە لـە گەمـە خۆشـەکانی ئـەم چەنـد دەیـەی دوایـی. لـەو ڕووەوە گەمەیـە کـە هەمیشـە شـتێك یـان چەنـد شـتێکی نهێنـی و نەبیـنراو دروسـتدەکرێت بـۆ ئـەوەی شـیبکرێتەوە. بـۆ هـەر ڕووداوێکـی سیاسـی دەیـان ئەگـەر دروسـتدەکرێت، هەندێکیـان تۆتۆلـۆژی و دووبارەکردنـەوەی هەواڵەکانـن و هەندێکـی تریشـیان داهێنەرانـەن و لـە «فیلمـی هینـدی» دەچـن. ئـەم دوو ئەگـەرە، زۆریـش دژ نیـن و دوو پارچـەی لێکدابـڕاوی وێنەیەکـن و لـە ڕیـا و کەرتبوونـی سـوبێکت و مرۆڤـی سـەرمایەداریی دواییـنـەوە هاتـوون. هۆیەکەشـی وەك تەمومژاویـی ڕووداوەکان، تەمومـژاوی نیـن و ڕوونـترن: نائومێدیـی سیاسـی و لـە سیاسـەت داماڵینـی خەڵـك. ئـەوەی مـردووە ئەکتـی سیاسـیی ڕادیکاڵـە و ئەوەشـی ناونـراوە «تەحلیلـی سیاسـی»، زۆرجـار لـە شـیعروتن دەچێـت بەسـەر تەرمـی مردوویەکـدا.

«تەحلیلـی سیاسـی» وەك «تەحلیلـی وەرزشی»ـی لێهاتـووە. ڕووداوەکان چەندبـارە دەبنـەوە و ناشـبنە «ڕووداو»، تـا ئاسـتی گەمـە و چێـژ دووبـارە دەبنـەوە. گـەر بشـتەوێت وەك خوێندنـەوەی دەق لەڕوانگـەی بونیادگەریـی پۆسـتمۆدێرنەوە بیخوێنیتـەوە، ڕووداوی سیاسـی و «تەحلیلـی سیاسـی» لـە سـەردەمی ئێمـەدا لێـك نزیکـن: فرەیـی مانـا و ئەگـەرە بێشـومارەکانی مانـا، ڕوونکردنـەوە تـا ئاسـتی تەمومـژ، مەرگـی نوسـەر(وەك مەرگـی بکـەری ڕادیـکاڵ)، توانـەوەی حەکـەم و داوەر لـە تێکسـتدا(وەك توانـەوەی UN لـە گەمـە سیاسـییەکاندا)، هتـد.

لـە «تـەورات»دا هاتـووە: پاشـایەك دەتوانێـت چـی بـکات، جگـە لـەو شـتەی پادشـاکانی تـر کردوویانـە؟

زۆریی«تەحلیلـی سیاسـی»، سـوڕانەوەیەکی نائومێدانـە و فرەوێژانەیـە بـەدەوری ئـەم وتەیـەی تەوراتـدا.

# ململانێی نەوەکان...

«ململانێـی نـەوەکان» دەسـتەواژەیەکە و لەلایـەن نـەوەی گەنجـەوە دژ بـە نـەوەی پێـش خـۆی بەکاردەهێنرێـت. واتـە لـەو دەسـتەواژانەیە کـە کۆمەڵـگا وەك هـەرەم و هێڵێکـی سـتوونی لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە دەخوێنێتـەوە. وەك بڵێـی کێشـەی گەنـج، کێشـەی ڕابـردوو و مێـژووە و هیچـی تـر. ئایا ئێسـتاش بەشـێك نیـە لـە مێـژوو؟ ئـەوەی ئێسـتا بەتەنیشـتمانەوەیە و بـە هێڵێکـی ئاسـۆیی لەگەڵمانـدا دەژی چەنـدە گوناهبـارە و تاچەنـد قابیلـی ڕەتکردنەوەیـە؟ لانیکـەم دوو ئاسـت هەیـە.

ئاسـتی یەکـەم، بـا نمونەیەکـی سـادە و کۆنکرێتـی وەربگریـن: ئـەوەی پێـی دەوترێـت ململانێـی نـەوەکان، لـە «خانـووی کرێ»شـدا ڕەنگیداوەتـەوە؛ بەشـێکی زۆری ئـەم نەوەیـە کرێچیـی نـەوەی پێـش خۆیەتـی. خانـووی کـرێ تەنیـا ڕەمزێـك نیـە بـۆ نـەوەی پێشـوو کـە تێپەڕیـون، بەڵکـو چەقبەسـتن و ڕەقبوونـی ئێسـتای نەوەیەکیشـە. قبوڵکردنـی ئێسـتایەکە کـە ڕۆژانـە درکـی دەکەیـن و بـە دەیـان شـێوازی ناڕاسـتەوخۆ «بەڵێ»ـی بـۆ دەکەیـن. ئـەم نایەکسـانییە لـە ئێسـتادا هەیـە و بەرجەسـتەیە، ڕابـردووش تەنیـا لـە ئێسـتادا دەسـکاریی دەکرێـت؛ ئەویش نـەك بەهـۆی هەندێـك درووشـمی نیمچـە پەتـی و ئەبسـتراکتی وەك «ململانێـی نەوەکان»ـەوە، بەڵکـو لەڕێگـەی ڕێکخسـتن و تەیارکردنـی نـەوەی ئێسـتاوە ئەنجـام دەدرێـت، لەڕێگـەی جۆرێـك نەفیـی کۆنکرێتییـەوە.

ئاسـتی دووەم: ئـەم نەوەیـەی ئێسـتاش لەنـاوەوە پارچەپارچەیـە و نەوەیەکـی پـاك و بێخـەوش نیـە. ڕووبەرێـك نیـە بەئاسـانی لـە نەوەکانـی تـری جیابکەیتـەوە. لـەم نەوەیەشـدا کۆنەپارێـزی و بێباکـی و ڕووکەشـی ناواخنکراوەتـەوە و بەرهەمدەهێنرێتـەوە. کاتێـك هەمـوو کێشـەکان دەخەینـە مـل نەوەیەکـی تـر، دوو خاڵـی گرنـگ ون دەکەیـن. یەکیـان خەمسـاردییەکانی ئـەم نەوەیـە و ئەویتریـش بەکۆمەڵایەتیکردنـی کێشـەکانە و پێدانـی ڕەهەندێکـی کەلتوورییـە پێـی.

بۆیـە هـەم ئـەم نەوەیـە بەرپرسـە و هـەم کێشـەکەش لەبنەڕەتـدا کێشـەیەکی سیاسـییە(چونکە سیاسـەت لـە مـاوە و مەودایەکـی کورتـدا و لەڕێگـەی دەزگا و ئەپاراتوسـەکانەوە دەتوانێـت گۆڕانـکاری لـە کەلتوریشـدا بـکات).
ململانێـی نـەوەکان زاراوەیەکـە بـۆ ئـەوەی چـاو لـە ئێسـتا بپۆشرێـت و ڕەهەندێکـی ترانسـێندێنتاڵ و بڵندگـەرا بدرێـت بـە واقیـع، لەکاتێکـدا واقیـع پانتاییەکـی ناونشـین(immanent) و کۆنکرێتییـە و تەنانـەت مردووەکانیـش بەتەنیشـتمانەوە زینـدوون. بۆیـە پێویسـتە ململانێـی نـەوەکان بخرێتـەوە چەقـی ئێسـتا و کۆنکرێتـی بکرێتـەوە و لـەو دیـوە ئایدیاڵیسـتییە داماڵرێـت و وەك خانـووی کـرێ ماتریاڵیـزە بکرێـت. گـەر تەنانـەت بـڕوای تۆکمەشـمان بـە ململانێـی نـەوەکان هەبێـت، ئـەوا ئـەم نەوەیـەی ئێسـتاش لـە سـبەینێدا دەبێتـەوە بـە نەوەیەکـی تـر...
ململانێـی نـەوەکان دواخسـتنی شـەڕێکە کـە دەبێـت هـەر نەوەیـەك لـە ئێسـتادا و لەگـەڵ خۆیـدا بیـکات...

# ناوەڕۆک باوەش بۆ فۆرم دەکاتەوە...

یەکێك لـه کێشـەکانی چەمکسـازی لـه زمانـی کوردیـدا، کێشـەی ئامـرازی (the)ــی ئینگلّیـزی و (امر)ــی فارسـییە. کاتێـك دەقێکـی فەلسـەفی وەردەگێڕیـن، ئیـدی کێشـەکە دەسـتپێدەکات. بـا کۆمەڵێـك نموونـە بێنینـەوە لەهـەردوو زمانەکـەدا: the absolute(امـر مطلـق)، the political(امـر سیاسـی)، the negative(امـر منفـی)، the Sensible(امـر محسـوس) و هتـد. گـەر وشـەی «پـرس، بابـەت، شـت، مەسـەلە» بخەینـە پێشـەوەی وشـەکان ئـەوا گرفتـە وەك خـۆی دەمێنێتـەوە: پرسـی موتڵـەق یـان ڕەهـا، پرسـی سیاسـی، پرسـی نێگەتیـڤ، پرسـی هەسـتپێکراو(تەنانەت گـەر بشـڵێین، شـتی ڕەهـا، شـتی سیاسـی و...).

زۆرجـار پێگـەی ئـەم وشـانە پێگـەی چەمکێکـە و هەندێـك جاریـش دەبنـە ناونیشـانی کتێـب. بۆنموونـە کتێبێکـی «ئاگامبێـن» هەیـە بەنـاوی(the open-امـر گشـودە...). گـەر بڵێین(پرسـی کـراوە) ئـەوا وشـەی «کـراوە» دەبێتـە ئاوەڵنـاو بـۆ وشـەی «پـرس» و دووەمیـان دەچێتـە خزمەتـی یەکەمیانـەوە. وەك بڵێـی پـرس و کێشـەیەك لەئارادایـە کـە کراوەیـە و هەمـوان دەتوانـن تێیـدا بەشـدار بـن و قسـەی تیـا بکـەن. ئەمـە لەکاتێکـدا کـە قورساییەکە لەسـەر وشـەی دووەمـە و دەبێـت تەرکیـز بخرێتـە سـەر چەمکـی (کـراوە) و ئامرازەکـە ون بکرێـت. پێویسـتە ئامرازەکـە لـە هـەر جـۆرە مانایەکـی سـەربەخۆ داماڵرێـت و بخرێتـە خزمەتـی وشـەکەی دواتـرەوە. بـۆ وێنـە کاتێـك دەڵێیـن the unexpected(امـر غیرمنتظـره، امـر غیرمترقبـە) ئـەوا پـتر مەبەسـتمان لـە «چاوەڕوواننەکـراو و کتوپڕ»ــە وەك ناوێـك نـەك ئاوەڵناوێـك. واتـە چەمـك و کاتیگـۆری و گوتەزایـەك هەیـە بەنـاوی (چاوەڕواننەکراو)ــەوە و وەکچـۆن «موتڵەق»خاوەنـی تایبەتمەندیـی خۆیەتـی، ئەویـش هەڵگـری تایبەتمەندیـی خۆیەتـی.

ڕەنگـە پێشـنیاری مـن ئـەوە بێـت، کـە لـە ڕێگـەی فۆرمـەوە هەوڵبدەیـن نـاوەڕۆك چارەسـەر بکەیـن. واتـە کاتێـك یەکێـك لـەم چەمکانـە وەردەگێڕیـن، هـەوڵ بدەیـن ئامـراز و پێشـگری(-the

امر)ــی لـێ داماڵیـن و بـە فۆنتـی تـۆخ و لار(بۆڵـد و ئیتالیـك) بینوسـینەوە. هەركـە ئـەم فۆرمـە تـۆخ و لارە دووبـارە و چەندبـارە بـووەوە، ئیـتر وێنـەی خـۆی لـە زەینمانـدا جێگیـردەكات و نەبوونـی ئامرازەكـە قەرەبـوو دەكاتـەوە و ناوەڕۆكەكـەی دەگات. دووبارەبوونـەوە، ئـەو نەفـی و نوقسـانییانە چارەسـەر دەكات كـە لەنـاو زمانـدا هـەن. بـۆ نمونـە، گـەر ویسـتمان یەكێـك لـەو زاراوانـە بكەینـە ناونیشـانی تەوەرێـك یـان كتێبێـك، ئـەوا دەتوانیـن بنوسـین (موتڵـەق، چاكـە، كـراوە، نێگەتیـڤ و هتـد).

چارەكردنـی نـاوەڕۆك لـە ڕێگـەی فۆرمـەوە، شـەرعیەتێكی فەلسـەفیی هەیـە و یەكێكـە لـە كێشـە دێرینەكانیـش. نـاوەڕۆك ناتوانێـت هەمیشـە دەرهـەق بـە فـۆرم بێبـاك و بێمنـەت بێـت. ئەمـڕۆ تەكنیكـی كۆمپیوتـەری، بەشـدارە لـە درووسـتكردنی ناوەڕۆكـدا لـە نوسـیندا. هیـچ تەكنیكێـك بریقوباقـی ڕووت نیـە و بێگونـاه نیـە و ناوەندێكـە بـۆ گواسـتنەوەی مانـای دیكـە و ڕەهەنـدی دیكـە...

# مێشکشۆردنەوە:

مێشكشۆردنەوە(غسـيل الدمـاغ)، میتافۆرێکـە بـۆ ئـەوەی زەیـن و زاكیـرەی كەسـێك بشـۆیتەوە و کـۆدی تـری تیـا بچێنیـت. ئـەو پەیـام و مەبەسـت و ئایدۆلۆژیایـەی تێخەیـت، کـە خـۆت دەتەوێـن. بـەم پێیـە، تـۆ دەبیتـە خاوەنـی زەیـن و زاکیرەیەکـی دەرەکـی کـە هـی کەسـێکی تـرە. لێکچوونێکـی ڕواڵەتـی لەنێـوان مێشكشـۆردنەوە و پرۆسـەی ئاگاییـدا هەیـە. تـۆ بـۆ ئـەوەی بگەیتـە خودئاگایـی، ئـەوا پێویسـتت بـە ئاگایـی کەسـێکی تـرە، پێویسـتە ئـەو ئاگاییـەی تـر ڕۆڵـی ئۆبێکـت و ناوەندێکـی مـردوو ببینێـت: بـە قەولـی دیـکارت، ئاگاییەکـەی تـر ببێتـە «ئـەو شـتە بێگیانـەی کـە بیردەکاتـەوە». مـرۆڤ هەمیشـە لەبـەردەم هەڕەشـەدایە ببێتـە فـلاش و هاردێکـی کۆمەڵایەتـی و مێشـکی بشـۆردرێتەوە.

بـەڵام ئەمـڕۆ وادەردەکەوێـت مێشكشـۆردنەوە بـە ڕێگایەکـی تـر بێـت. ئەمـڕۆ چیـتر ئـەوە عەقیـدە و ئایدۆلۆژیـا مرومۆچـەکان نیـن کـە مێشـکمان دەشـۆنەوە، بەڵکـو میدیـا و بێـژەرە ڕووخۆشـەکانین. بیسـتوچوار سـەعاتە کـۆدە ئایدۆلۆژییەکانـی خـۆی لەڕێگـەی سـڵاو و بـزە و قـاوە و گۆرانییـەوە دەداتـە دەرخـواردی بینـەر و بیسـەر.

ئەمـڕۆ سـەردەمی تۆلێرانسـی جیهانییـە و تۆلێرانسـیش بەڵێنەکانـی خـۆی بردۆتـە سـەر: ئەوەتـا هـەر بـە تۆلێرانـس و لێبوردەیـی و ڕێـزەوە مێشـکمان دەشـۆنەوە.

# لە «دیواری بەرلین»ەوە بۆ دیواری فەیسبوک...

دیوار ئەمڕۆ پتر بە مانای شاشە دێت، نەك بەو مانا سیاسییەی کە جاران هەیبوو. جاران دیوار جۆرێك بوو لە نامە و لافیتە و بەیاننامە. شەوان بە نهێنی لەسەری دەنوسرا و پەیامێك دەگەیەنرا، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ بەدیجیتاڵبوونی ژیانی هەمووماندا دیوار ئەو مادیبوونەی خۆی ون دەکات و دەبێتە ڕووبەرێکی مەجازی لەنێوان هەمووماندا: دیوار یان واڵی فەیسبوك.

ئەم هەفتەیە ساڵڕۆژی ڕووخانی دیواری بەرلینە. ئەو دیوارەی کە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیای لە بەشی ڕۆژاوای جیادەکردەوە. ئەم دیوارە لە ١٩٦١ هەڵچنرا و لە ١٩٨٩ ڕووخێنرا و هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا یەکیانگرتەوە. ئەم دیوارە لەدوای شکستی هیتلەر لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، پشکی سۆڤیەتی لە پشکی ئەمریکا و ئەوانیدی جیادەکردەوە لە ئەڵمانیادا. بەدرێژایی ١٥٥ کیلۆمەتر، ١٤هەزار سەرباز و شەش هەزار سەگی ڕاهێنراو پاسەوانی ئەم دیوارە بوون، نەبادا خەڵکی ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوای بەرلین بپەڕنەوە. لەو ماوەیەشدا هەزاران کەس هەوڵدەدەن بپەڕنەوە، بەڵام نزیکەی ١٣٦ کەس بە گولەی پاسەوانەکان دەکوژرێن. دیواری بەرلین ڕەهەندێکی سیمبولیکیشی هەیە. لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلیندا، یەکێتیی سۆڤیەتیش بەبێ ڕژانی خوێن دادەڕووخێت. واتە لەگەڵ دیوارێکی کۆنکرێتیدا، بلۆکی بەناو کۆمۆنیزمیش لە واقیعدا هەرەس دێنێت.

ئەمڕۆ مێرکڵ و خەڵکی ئەڵمانیا و سەرمایەداران ئاهەنگ دەگێڕن، هەم بەبۆنەی هەڵگرتنی دیواری بەرلینەوە و هەم ناڕاستەوخۆش بەبۆنەی درێژبوونەوەی دیواری دیجیتاڵییەوە. ئەوەتا شار و شەقام و دیوارە ئاساییەکانیش بوونەتە شاشەی ڕیکلام و مەسرەف. ئەمە جگە لەوەی چەمکی (wall - دیوار) لەو دیوە ڕادیکاڵەی ڕووتکراوەتەوە و لە فەزای مەجازیدا بۆتە شوێنی نمایش و بازرگانی و بیرچوونەوە. دیواری فەیسبوك، دیواری بیرچوونەوەیە. چیتر وەك

دیــواری بەرلیــن ســنورێك درووســتناكات و هەموومــان ئاوێتــەی یەكــتری دەكات و لــە ئەلفــەوە تـا یـاو دەڕژێنێتـە نـاو یەكـترەوە. بۆنمونـە، گرنگتریـن ئایدیـای فەلسـەفی، دوای تۆزێـك دەمرێـت. هەركـە بـە دیوارەكـەدا چوویتـە خـوارەوە، بابەتەكانـی سـەرەوە كۆتاییاندێـت. هـاوكات دەتوانیـت تـا ئەبەدیـش بـەو دیـوارەدا بڕۆیتـە خـوارەوە و نەوەسـتیت و نەشـگەیت بـە شـێكی ئەوتـۆ.

دیـواری بەرلیـن هێـمای جەنگـی سـارد بـوو، هـاوكات بـە پـەردەی ئاسـنین ناسرابـوو، هێـمای جەنگێـك كـە لایەنـە دژیەكـەكان دیـار بـوون كێـن؛ بـەڵام ئەمـڕۆ لەنـاو دیـواری دیجیتاڵیـی شاشـەكاندا لایەنـی دژ و دوژمـن زۆر ڕوون نیـە. باشـترە بڵێـم: سیسـتەم جۆرێـك لـە تـۆڕی درووسـتكردووە تاكـو كـەس بەئاشـكرا نەبێتـەوە بـە دژی كـەس، دژایەتـی گـەر ڕوونبێـت لەنێـوان كـێ و كێدایـە ئـەوا جۆرێـك لـە شكسـت و كۆتایـی و بگـرە هیواشـی تیایـە.

دیــواری فەیســبوك لــە هەندێــك ڕووەوە لــە دیــواری بەرلیــن ترســناكتر و ئەبەدیترە...گــەر دووەمیـان گوزارشـت بێـت لـە ڕێگرتـن و سـنوردارکردن ئـەوا یەكەمیـان تەعبیـرە لـە ئاوەڵابـوون و خۆونكــردن و گەوجییەكــی بێكۆتایــی..

# ترس لە گۆرانیبێژەکان:

١.پرەنسیپێکی سادە و سەرەتایی هەیە: گۆرانی بەتەنیا گۆرانی نیە. یان، گۆرانی تەنیا هونەری ڕووت نیە، چونکە شتێك نیە ناوی هونەری ڕووت بێت. گۆرانی هەڵگری کاریگەریی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و دەروونییشە(لەبەر ئەمەیە شۆڕشگێڕان سروودی تایبەت درووستدەکەن و، سەلەفییەکانیش گۆرانی ڕەتدەکەنەوە و هتد).

٢٢.گۆرانی لەڕێگەی تێکستەکانی خۆیەوە، جۆرێك لە جیهانبینی و ڕوانگە دەسەپێنێت. بۆنمونە، گۆرانییە عیرفانییەکانی شەجەریان و بەهجەت یەحیا ڕوانگەی عیرفانی و خودگەرا لە گوێگردا دەچێنن(ئەمڕۆ لەئاستی تەکنۆلۆژیاشدا هێدفۆن هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت، داخرانی گوێگر بەسەر خۆیدا و کورتبوونەوەی بۆ سوبێکتێکی خودگەرا).

٣٣.ئەمڕۆ وا دەردەکەوێت بینین زاڵبووە بەسەر گوێگرتندا. یان تیڤی زاڵبووە بەسەر ڕادیۆدا، یان کلیپ باڵادەست بووە بەسەر گوێدا. بیستن جۆرێك لە مەودا و ئازادی بۆ گوێگر دەهێڵێتەوە، بەڵام بینین دیوێکی ئایدۆلۆژیتری هەیە و سەرتاپای بینەر داگیردەکات. بە دەربڕینێکی تر، گۆرانی ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژیتری وەرگرتووە.

٤٤.چۆن لە کلاسیکدا، شیعری نیشتمانی و دینی و ڕۆمانسی و کۆمەڵایەتی هەبوو، گۆرانییش بەر ئەو دابەشکارییە کەوتووە. دەبێت گۆرانیبێژ، گۆرانیی دینی ونیشتمانی و هتدیش بچڕێت. گۆرانییە دینییەکان دۆخە دینییە باڵادەستەکە بە خراپترین شێوە بەرهەم دێننەوە، و گۆرانییە نیشتمانییەکانیش ناسیۆنالیزمێکی نەزۆك و باو.

٥٥.گۆرانیبێژەکان، کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆ و نەستەکی(ناخودئاگایانە)یان هەیە. ئەوان جۆرێکی دیکەن لە وتاربێژ، مامۆستا، ڕێبەر، ئایدۆلۆژیست. فەرامۆشکردنی ڕەخنەی گۆرانی، بەشێکە لەو سادەییەی کە پێی وایە هونەر تەنیا بۆ چێژە و هیچی تر...

# ئایا دونیا شتێکی تازەی پێ ماوە؟

ئایا ئـەو بانگەشـەیەی کـە دەوترێـت هەمـوو شـتێك وتـراوە و هیـچ شـتێك تـازە نیـە، خـۆی تازەیە؟ دیـارە نەخێـر، لـە کتێبـی پیرۆزیشـدا وتـراوە لەژێـر ئـەم ئاسـمانە (کۆنـە)دا هیـچ شـتێك تـازە نیـە. ئـەم ڕسـتەیە ژێرخانێکـی دینیـی هەیـە و گوتـاری مرۆیـی لەگـەڵ «وەحـی»دا تێکـەڵ دەکات. واتـە، کێشـەکە ئـەو وەحیگەرایـی و جەوهەرگەراییەیـە کـە ڕسـتەکەی لەسـەر هەڵچـنراوە، گەرچـی تەنانـەت وەحـی و ئیلهامیـش لەنـاو سـیاقێکی مێژووییـدا گەشـە و چەکـەرە دەکـەن. بەپێـی ئـەم جەوهەرگەراییـە، وەك بڵێـی هەندێـك شـت هەبـوون لـە سـەردەمێکدا، ڕەسـەن و نەوتـراو بـوون و ئیـدی هـەم ئـەو سـەردەمە بەسـەرچووە، هـەم شـتەکانیش وتـراون.

تازەیـی تەنیا پەیوەندیـی بـە نەبوونـەوە نیـە، تەنیـا ئـەو شـتانە نیـن کـە لـە نەبوونـەوە دێنـە نـاو بوونـەوە و خەڵـق دەبن(چونکـە مێـژوو خـودا نیـە). تازەیـی، گەڕانـەوە نیـە بـۆ هێنانـەوەی شـتە کۆنەکانیـش وەك خۆیان(چونکـە هیـچ شـتێك سـەدا لـە سـەدا وەك خـۆی نامێنێتـەوە). تازەیـی، ئـەو جووڵـە و سەرسوورەیـەش نیـە کـە گوایـا هەمـوو چرکەیـەك بۆخـۆی چرکەیەکـی تـازە و تاقانەیـە، وەکچـۆن دەربازبوونـی تەواویـش نیـە لـە کۆپـی و دووبارەکردنـەوە و مـۆدە و درێژەپێـدان. تازەیـی، ئـەو نیـگا عیرفانییـەش نیـە کـە لـە دێـرە بەناوبانگەکـەی (سـوهراب سـپێهری)دا خـۆی بەرجەسـتە کـردووە: دەبێـت چاوەکانـت بشـۆیتەوە و بەجۆرێکـی تـر [دونیـا] ببینیت(چونکـە ئەمـڕۆ دونیایـەك و سیسـتەمێك لەئارادایـە کـە بـە گۆڕینـی نیـگای ئێمـە، گۆڕانـی بەسـەرا نایـەت. هـەزاری و کوشـتوبڕ بەهـۆی شـۆردنی چـاوی ئێمـەوە، کۆتاییـان نایـەت).

تـازە ئێمـەی کـورد نیشـتەجێی نـاو سیسـتەمە باڵادەسـتەکەی دونیایـن کـە سـەرمایەدارییە، و بەرهەمـی مێژوویەکـی کۆنـی دونیاشـین کـە هـەزاران سـاڵە کەڵەکـە بـووە. واتـە وەك گشـت «کل»، چارەنوسـمان بـە گشـت جیهانـەوە بەسـتراوە و وەك بەش»جزو»یـش، زۆرێـك لـە شـتەکان بـۆ ئێمـە تـازەن، بەتایبـەت ئـەوەی نـاوی فیکـر و فەلسـەفەیە: تازەیـی، واتـە گشـت و بـەش هەمیشـە لێکدەترازێـن و جوزئێـك هەیـە لـە مێـژووی «کل» دەچێتـە دەرەوە...

# «دونیا جوانەکەی ئەدەب!»:

١.«دونیـا جوانەکـەی ئـەدەب!»، کەوتۆتـە کوێـوە؟ شـوێنگە و تۆپۆسـەکەی لەکوێدایـە؟ سـەیر نیـە گـەر بڵێیـن لەنـاو ناشـیرینییەکاندایە. گـەر ناشـیرینییەك نەبێـت، جوانییـش بوونـی نیـە؛ گەرنـا دەکەوینـە نـاو میتافیزیـك و عیرفانـەوە. لـە ئاسـتە سـەرەتایی و تەکنیکییەکەشـیدا دونیـای ئـەدەب جـوان نیـە، ئـەدەب تەنیـا لەوێـدا جوانـە کـە ناشـیرینییەکان دەگێڕێتـەوە. گەرنـا، تەنیا چیرۆکـی منداڵانمـان بـۆ دەمێنێتـەوە کـە خۆیـان لـە خۆیانـدا جـوان و هێمنـن. ئەمـڕۆ منداڵانیـش لـە فـەزای مەجازیـدا، لـەو جوانییـە داماڵـراون و کراونەتـە هێـمای گاڵتەجـاڕی و ناڕەزایـی و قەیران(قسـەکانی منداڵێـك بەنـاوی «نمـە«وە وەك نمونـە).

٢.لـە دونیـای ئێمـەدا بەجۆرێـك باسـی ئـەدەب دەکرێـت، وەك بڵێـی دوورگەیەکـی دابـڕاوە. وەك بڵێـی هیـچ پەیوەندییەکـی بـە فیکـر و واقیعـەوە نیـە. ڕەنگـە ئەمـە دوایـن جـۆری جەوهەرگەرایـی بێـت لـە زەینـی ئێمـەدا. گوایـا ئـەدەب جەوهەرێکـی جـودا و داخـراوی هەیـە و دەرگا و پەنجەرەکانـی دادەخەیـت و خۆتـی تیـا دەشـاریتەوە. ئـەدەب بـۆ ئـەوەی لـە خـۆی تێبـگات دەبێـت سـەیری خـۆی بـکات، کـە سـەیری خۆیشـی کـرد زۆرجـار دەبێتـە تیـۆری ئەدەبـی، تیـۆری ئەدەبییـش ناوێکـی دیکەیـە بـۆ «فیکـر.»

٣.جیاکردنەوەی»دونیا جوانەکـەی ئـەدەب» لـە واقیـع و فیکـر، ئـەو کارەسـاتە بەرهـەم دێنێـت کـە دەتوانیـن نـاوی بنێیـن (هەژاریـی تیـۆری). ئـەو هەژارییـەی کـە ڕسـتەیەکی ڕاوکـراوی مامۆسـتایەك لەلایـەن میدیـاوە و قسـەکانی (نمـە)، وەك باڵاتریـن تیـۆر و دوایـن هەڵوێسـت وەردەگرێـت.

٤.»دونیـا جوانەکـەی ئـەدەب» لـە واقیعـدا نیـە، وەکچـۆن لـە خەیاڵیشـدا نیـە، بەڵکـو لـە «هەژاریـی تیۆری»دایـە.

# خەڵاتی نۆبڵ...

خـەڵات و فیسـتیڤاڵەکان، بـەر لـەوەی ڕێزگرتـن بـن لـە تواناکانـی مـرۆڤ، بەرگرتـن بـە کاردانـەوە و ڕق و بوغـزی کۆمەڵایەتـی. خـەڵات ئـەو کێبرکـێ دەروونییـە دەکاتـە کێبڕکێیەکـی ڕەسـمی و ڕەهەنـدە دەروونییەکـەی دەشـارێتەوە و لەنـاو دەزگا و دامەزراوەیەکـدا دەیتوێنێتـەوە. مانفرێـد.س. فرێنگـز پێشـەکییەکی بـۆ کتێبـی (بوغز)ـی ماکـس شـیلەر نوسـیوە و لەوێـدا ئامـاژە بـەم دیـوەی فیسـتیڤاڵەکان دەدات. ئـەوەی کـە ئەمـڕۆ ژمـارەی فیسـتیڤاڵ و خەڵاتـەکان لـە زۆربوونـدان، بەجۆرێـك کـە فیسـتیڤاڵ بـۆ شـتی سەیروسـەمەرەش سـازدەدرێت: بـۆ ناشـیرینی، شـتی قێـزەون، تەنانـەت کار گەیشـتۆتە گەندەڵـی و کڕینـی خەڵاتـەکان لەژێـرەوە. فرێنگـز، کێشـەکە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ زۆربوونـی بوغـز و داننەنـان بەیەکتریـدا. بۆیـە جۆرێـك لـە ڕێککردنـەوە و یەکسـانی زەرووره، و خەڵاتـەکان دەتوانـن ئـەم بوغـزە بشـارنەوە و سیسـتەماتیزەی بکـەن.

ئاشـکرایە نۆبـڵ یەکێکـە لـە بەناوبانگتریـن خەڵاتەکانـی دونیـا بـۆ کۆمەڵێـك بـوار. وەرگرتنەکـەی وەك جۆرێـك لـە موفاجەئـە و سـورپرایز سـەیردەکرێت، بـەڵام لـەو موفاجیئـتر وەرنەگرتنێتـی. تـا ئێسـتا یـەك کـەس ئـەم خەڵاتـەی ڕەتکردۆتـەوە، ئەویـش ئەدیـب و فەیلەسـوفێکی بوونگـەرای کۆمۆنیسـتە: ژان پـۆڵ سـارتەر. سـارتەر لـە ڕوونکردنەوەیەکـدا دەڵێـت: «ئـەو نوسـەرەی کـە خەڵاتێکـی لـەم جـۆرە وەردەگرێـت، خـۆی و ئـەو دەزگایـەش دەخاتـە بـەردەم بەرپرسـیارێتی کـە ئـەم ڕێـزەی لێدەگرن...هەمـوو خـەون و خولیـای مـن ڕووەو سۆسـیالیزمە، بـەڵام تەنانـەت گـەر خەڵاتـی لینینیشـیان پێدابـام هـەر وەرمنەدەگـرت». سـارتەر پێـی وایـە، نابێـت نوسـەر ڕێگـە بـەوە دات بیکەنـە دەزگا و پێگەیەکـی ڕەسـمی و لـە تاکەکەسـێکی بەرپرسـیار بیبەنـە دەرێ. یەکێـك لـە بیانووەکانـی ئەکادیمیـای سـوید کـە نۆبـڵ دەبەخشـنەوە، مەسـەلەی ئازادییـە. بـەڵام سـارتەر دەڵێـت، ئـازادی لای مـن مانـا و مەفهومێکـی ڕوون و ڕاشـکاوی هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە

جووتێـك پێـڵاوت هەبێـت و بڕێكیـش نـان بخۆیـت كـە برسـییت نەبێـت. سـارتەر دەڵێـت، گـەر هاتـوو وەرگیـرا، باشـترە بدرێتـە ئـەو ڕێكخراوانـەی كـە یارمەتیـی خەڵكـی لێقەومـاو دەدەن، یـان بۆنموونـە خەبـات بـۆ نەهێشـتنی ڕەگەزپەرسـتی دەكـەن.

ڕەتكردنـەوەی نۆبـڵ جورئەتێكـی گـەورەی دەوێـت، ئەویـش لـە سـەردەمێكدا كـە هەمـوان بەشـانازییەوە خەڵاتەكانـی خۆیـان دەكەنـە سـیڤی و دەیژمێـرن. سـارتەر لـە دونیـای ئێمـەدا وەك بوونگەرایەكـی ڕەشـبین نـاسراوە و بەجۆرێـك لـە جـۆرەكان خەسـێنراوە. گـەر نەشـزانین سـارتەر فەیلەسـوفێكی گـەورەی سۆسیالیسـتییە، ئـەوا ئـەو قسـە ڕووت و ڕەجاڵەیـمان بیسـتووە كـە دەڵێـت: ئـەوەی دژایەتیـی كۆمۆنیسـت بـكات، سـەگە. وشـەی (dog) لـە ئینگلیزیـدا كۆمەڵێـك مانـای مەجازیـی تـری هەیـە و هیچیـان لـە هەندێـك لـەو «سەگ»ـانە شـەریفتر نیـن كـە بەنـاوی ئاشـتییەوە بـۆ خەڵاتـی نۆبـڵ پاڵێـوراون.

# پێشمەرگە بۆ کێ ئیمان دێنێت؟

بیـرم نەمـاوە لـە کام چیرۆکـدا بـوو، بـەڵام دوو هـاوڕێ هـەن و پێکـەوە پەیوەسـتن. یەکیـان هەمیشـە کۆمەڵێـك عەقیـدە و بیروبـڕوا دەوروژێنێـت و ئەویتریـان ئیمانـی پێدێنێـت. وەك بڵێـی، یەکیـان ئیـمان دادەهێنێـت و ئەویتریـان ناواخنـی دەکاتـەوە و ئەزموونـی دەکات. ئـەوەی ئیمانەکـە و درووشـمەکانی دادەهێنێـت، خـۆی هیـچ بڕوایەکـی نیـە و هاوڕێکـەی تـا ئاسـتی پیـرۆزی، بەرزدەکاتـەوە. ئەمـە سـەبارەت بـە هاوڵاتیـی ئێمـە و ناسـیۆنالیزمی کوردایەتییـش درووسـتە: دەسـەڵاتداران ئیـمان دادەهێنـن و عامـەی خەڵکیـش پیـادەی دەکات و بـڕوای پێدێنێـت. واتـە ئێمـە لەجیاتیـی دەسـەڵاتدارەکان جۆشوخرۆشـی ئیمانەکەمـان تاقیکردۆتـەوە، بڕوامـان بـە هەڵگرتنـی ناسـیۆنالیزم هەبـووە لـە سـنگی خۆمانـدا. ئێسـتا خەڵـك و دەسـەڵاتداران گەرچـی چیـتر دوو هـاوڕێ نیـن، بـەڵام بڕیاریشـمانداوە هـەر ئیمانمـان بـە ناسـیۆنالیزمەکەی ئـەوان هەبێـت. بەهەرحـاڵ، ئـەوەی ئەمـڕۆ لـە بەرەکانـی جەنـگ «شـەهید دەکرێـت »، بـۆ ناسـیۆنالیزمێکی نەزۆکـە و چیـتر خێرێکـی سـتراتیژیی بـۆ ئاینـدەی کۆمەڵـگای ئێمـە نیـە. شـەڕی داعـش، تەنیا شـەڕی دیـن و سـەلەفیەتی جیهـادی نیـە، بەڵکـو شـەڕی سیسـتەمێکی پێکەوەبەسـتراوە لـە جیهانـدا. ئـەوە یەکێـك لـە ئایکۆنـە گەورەکانـی ئـەم سیسـتەمە بـوو نەیهێشـت هەولێـر داگیربکرێـت، و هـەر ئەویشـە درێـژەی پێـدەدات و پێشـمەرگە دەکاتـە خۆراکـی ڕۆژانـەی ئـەم جەنگـە. بۆیـە «پیرۆزکردنـی پێشـمەرگە» کەڵکەڵەیەکـی دەروونییـە و هیچـی تـر، ترسـێکی سـەرەتاییە لـەوەی سـەر نەبڕدرێیـن و وێنـە نەگیرێیـن، ئەمـەش هـەر ئـەو شـتەیە کـە دەسـەڵاتدارانی ناسیۆنالیسـتی کـورد بەدوایـدا دەگەڕێـن و تەمەنـی خۆیانـی پـێ درێـژ دەکەنـەوە و شکسـتی بیسـت و ئەوەنـدە سـاڵەی پێدادەپۆشـن. بۆیـە گـەر پێمانوایـە داعـش یەکێکـە لـە ڕووخسـارەکانی دیـن، ئـەوا سـەلمێنرایەوە کـە ناسـیۆنالیزم، هێنـدەی دیـن ترسـناکە و بگـرە زیاتریـش.

ڕۆشـنبیرێکی پڕکەفوکـوڵ دەڵێـت «داعـش لـە پارلەمانـە»، بـەڵام بـەر لـە پارلەمـان: داعـش لـە کۆنگرێسیشـە..

# مەترسییەکانی شیعر:

جیا لـەوەی شـیعر ژانرێکـی ڕادیـکاڵ و گرنگـە و بەشـداره لـە درووسـتکردنی حەقیقەتـدا، کەچـی لـە زۆر دۆخـدا مەترسـییەکانی زۆر و شـاراوەن. بەتایبـەت ئـەو کاتـەی دیـوه ڕادیکاڵەکـەی خـۆی ون دەکات و دەبێتـە شـیوەن و کارەسـاتەکان ئێسـتاتیکی دەکاتـەوە. بـۆ نمونـە کاتێـك ژنێك یـان هـەر مرۆڤێکـی تـر دەکوژرێـت، مەترسـیی شـیعر لەکوێـدا دەردەکەوێـت؟

١- شـیعر پێـی وایـە دیفـاع لـە جوانـی دەکات، بـەڵام پێچەوانەکـەی ڕاسـت دەردەچێـت. کاتێـك بـە شـان و باڵـی کارەسـاتێکدا هەڵدەدرێـت، هەسـتی کوشـتن لـە مرۆڤـدا تۆخدەکاتـەوە. واتـە جـەلادەکان دەباتـە نـاو چێژێکـی بەرزتـرەوە، بـە حەماسـەتەوە مـرۆڤ بکـوژن: گـەر کاردانـەوە بـە ڕووی کوشـتندا هەبێـت، کوشـتن تامێکـی تـری هەیـە.

٢. شـیعر، دیوێکـی مەجـازی دەداتـە ڕووداوەکان. لەنـاو کۆمەڵێـك مەجـاز و وێنـەی دوورتـردا کارەسـاتەکە لەبیـردەکات. وەکچـۆن کاردانـەوەی بـێ فیکـر و ڕووت و خێـراش، بـە هەمـان شـێوە ڕووداوەکـە ون دەکات.

. ٣. ئێسـتاتیکی کردنـەوەی کارەسـات، هـەر لـە جوانکردنـی هـەژاری دەچێـت، لـەو فـەزڵ و فەزیلەتـە دەچێـت کـە دەیدەینـە هـەژاری و ستایشـی دەکەیـن و هـەژارەکان وایـان لێدێـت حەزدەکـەن هەمیشـە هـەژار بـن، هەمیشـە پاڵەوانـی ڕەش و ڕووت بـن.

٤. . شـیعر، لـە سیاسـەت دوورماندەخاتـەوە. تەنانـەت لـە دونیـای ئێمـەدا کـە شـیعر لـە شـتێکیش تـوڕە دەبێـت، هـەر لـە سیاسـەت دوورماندەخاتـەوە. ئەمـە لەکاتێکـدا پێویسـتە هەمیشـە سیاسـەت حـازر بێـت، گوناهەکانـی لـە ئەسـتۆ بێـت. دوایـن نمونـەی بەرچـاو، دیوانـی (ئێسـتا کچێـك نیشتمانمە)ـی شـێرکۆ بێکەسـە. ئـەم دیوانـە سیاسـەت لـە ڕۆمانسـیاتدا دەگەیەنێتـە بنبەسـت، سیاسـەت دەکوژێـت و بـۆ نوخبەیەکـی فاسـدی جێدێڵێـت.

# دراوسێ، هەموو لایەک هەر دراوسێ...

ئـەم نیـگا سـاردەی نـاو وێنەکـە، باوکێکـی نەمسـاییە و نـاوی (جۆزێـف فریتزڵ)ــە. ئـەم پیـاوە مـاوەی ٢٤ سـاڵ، لـە سـاڵی ١٩٨٤ بـۆ ٢٠٠٨، کچەکـەی خـۆی لەژێـر زەمینێکـدا دەبەسـتێتەوە و ناهێڵێـت هەتـاو ببینێـت و ٧ منداڵیشـی لێدەبێـت. کچەکـەی نـاوی ئەلیزابێتـە و ئـەودەم تەمەنـی ١١ سـاڵان دەبێـت. دوای کەشـفبوونی ڕووداوەکـە، خەڵکـی شـارۆچکە بچوکەکـە دەحەپەسـێن و پێیانوایـە پیاوێکـی هێمـن و بەڕێـزی وەك فریتـزڵ کاری لـەو جـۆرەی لێناوەشـێتەوە...

ئـەوە چیـە وادەکات لەپڕدا باوکێك ببێتـە دەعبایـەك؟ یـان هاوڕێیـەك ببێتـە دراوسـێیەکی غەریـب و نەنـاس؟ ئایـا دەروونشـیکاری دەتوانێـت بەشـێك لـەو حەپەسـانەمان بـۆ ئاسـایی بکاتـەوە کـە لـە دۆخێکـی وەهـادا تووشـی دەبیـن؟ پێدەچێـت، لانیکـەم لـەو ڕووەوە کـە مـرۆڤ لـەم جـۆرە دۆخانـەدا دەوەسـتێت و بەبەرامبەرەکـەی دەڵێـت: ببـورە، شـتێك لەنـاو منـدا هەیـە، کـە لـە خـۆم زیاتـرە و بـۆم ناگیرێـت، تـۆش بـۆت ناگیرێـت.

ژیـژەك لـە کتێبی(تاعونـی فەنتازیـاکان- The Plague of Fantasiess)دا ئاماژەیەکـی لـەم جـۆرە دەکات کە:«زۆرجـار وا هەسـت دەکەیـن هاوڕێیەکـی نزیـك و گیانـی بەگیانـی یـان نیمچەنزیـك، بـاش دەناسـین؛ بـەڵام کتوپـڕ دەردەکەوێـت نەماننناسـیوە. کتوپـڕ لـەوە بەئاگادێینـەوە لەبـەردەم بێگانەیەکـی تەواودایـن. بۆنموونـە، ئـەم هاوڕێیەمـان ڕەفتارێکـی نەشـیاو و ژێسـتێکی قێزەونـی لـێ دەوەشـێتەوە، کردەیەکـی بـازاڕی و ناشـیرین دەنوێنێـت. لـەو جێیـەدا نیگایەکـی سـاردو بێڕەحمـی هەیـە، کـە چاوەڕواندەکرێـت ڕەحـم ومیهرەبانـی بنوێنێـت. ئـا لێرەوەیـە کـە هـاوڕێ بندەسـت و نزیکەکەمـان دەبێتـە دراوسـێییەك».

چ جۆرەدراوسـێیەك، هەڵبـەت دراوسـێیەکی دێوئاسـا، دەعبـا، غەریـب و بێڕەحـم. جگـە لـەوەش زاراوەی دراوسـێ، تەعبیـرە لـەوەی مەودایـەك درووسـت دەبێـت، سـنور و سـڵکردنەوە دێتەئاراوە، بـەڵام ئـەم دراوسـێیە لەکوێـوە دێـت؟ دیـارە مـەرج نیـە، مەسـەلەکە دووری و نەناسـین بێـت،

بەڵکـو پێدەچێـت نزیکـی بێـت، وەك ئـەوەی دوو کـەس چاودەنێـن بەیەکتریيـەوە و ناتوانـن یەکـتری بناسـنەوە. یـان ژن و مێردێـك هێنـدە لـە ماڵێکـدان کـە ناتوانـن بەتـەواوی یـەك ببینیـن و یـەك بناسـن، تـا ئـەو کاتـەی مەودایـەك درووسـت دەبێـت و دەبنـە دراوسـێ و دەحەپەسێن. هەموومـان گـەر بوەسـتین و تۆزێـك لەیەکـدی و بگـرە خۆیشـمان ڕامێنیـن، ئـەوا غەریـب و نامـۆ دەردەکەویـن.
ئایا فریتزڵ خۆی، بەر لە هەمووما نەحەپەساوە؟

# تەلەفزیۆن و تیرۆریستەکانی:

تیرۆریستەکان لەبەر نیگای ئەویتر خۆیان دەکوژن، ئەو چاوەی کە چاوەڕێییە مردنی ئەوانیتر ببینێت و لێیان ڕازی بێت. واتە چاوەکە لێرەیە و لەناو ستراکتۆری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم دونیادا نیشتەجێیە. تیرۆریستەکانیش، وەك هەموومان لێرەن و بازیچە و گەمەی دەستی ئەو چاوەن کە هەڵیاندەسوڕێنێت. بەم پێیە، بەرنامە بازاڕییەکانی تەلەفزیۆنیش جۆرێکن لە خۆتەقاندنەوەی میدیایی، خۆکوشتن لەسەر شاشە. بەڵام بۆ کێ؟ بۆ نیگای ئەویتر، بۆ ئەو چاوە زەقەی لە شاشەکە دەڕوانێت و فشارێکی گەورە لەسەر بوونی بەشداربووەکان درووست دەکات[لە بینەرەوە بیگرە تا سەرۆك و لەوەش گرنگتر بینەرێکی وەهمی کە پێشوەخت مردووە و بوونی نەبووە]. فشارێك کە دەتجوڵێنێت جنێو و تۆمەت و درۆی خێرا درووست بکەیت، تەنانەت پەلاماری یەکتریش بدەن. ئەم توندوتیژییە پەیوەندیی بەو کێشەیەوە نیە کە پێی وایە زمانی دیالۆگ نامێنێت بۆیە توندوتیژی درووست دەبێت. نەخێر، لەبنەڕەتدا مرۆڤ بۆیە توندوتیژە چونکە زمان و دەم و وشەی هەیە. هاوکات ئەم توندوتیژییە، بەشێکی پەیوەندیی بە تەلەفزیۆن خۆیەوە هەیە. پەیوەندیی بەو ئامادەبوونە پەتییەوە هەیە کە تیایدا خۆت دەکەیتە گاڵتەجاڕ بەدەست نیگای ئەویترەوە.

# گۆی زەوی: جێیەک بۆ بێ جێ و ڕێکان، بێ ماڵ و حاڵەکان..

لـەم ئانوسـاتەدا ملیۆنـان مـرۆڤ لـە سەرانسـەری جیهانـدا لەنـاو دیـواری تەنەکـە و شـوێنی تـەڕ و پیسـدا دەژین(واتـە لـەو شـوێنانەدا کـە بـە ئینگلیـزی پێی دەوترێـت «slum» و بە فارسـی «زاغـە». ڕەنگە لـە زمانـی کوردیـدا باشـتر بێـت بـۆ ئـەم خەڵکانـە «تەنەکەنشـین» یـان «گەوڕنشـین» بەکاربێـت. یەکەمیـان تەعبیـرە لـە فۆرمـی شـوێنەکەیان و دووەمیشـیان تەعبیرێکـی مەجازییـە کـە لـە شـوێنێکدا دەژیـن زیاتـر لـە گـەوڕی حەیـوان دەچێـت تـا شـوێنی ئینسـان). ملیۆنانـی تریـش لەسـەر کارتـۆن و جـادە و بندیـوار و بەرپێـی ڕێبوارەکانـدا دەژیـن و ڕۆژدەکەنـەوە. هەڵبـەت کێشـەکە جیایـە لـە (خانـوی کـرێ) و ئـەو کەسـانە توانـای هیـچ کرێدانێکیـان نیـە. ئەمـەی خـوارەوە ئامـاری بـێ جـێ و ڕێکانـە لـە چەنـد وڵاتێکـی خۆشـگوزەرانی ئەوروپـای ڕۆژئـاوادا کـە لـە ئەکاونتـی بەڕێـز (ئەمیـن قەزایی)ـەوە وەرمگێـڕاوە:

لـەم سـاڵانەی دواییـدا ژمـارەی بـێ جـێ و ڕێـکان لـە وڵاتانـی ئەوروپـای ڕۆژئـاوادا بەرزبوونەوەیەکـی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینیـوە. ئـەم بەرزبوونەوەیـە هاوتەریـب و هاوشـانە لەگـەڵ بەرزبوونـەوە و نزمبوونـەوەی داهاتـەکان، واتـە بەرزبوونـەوەی نایەکسـانی لـە داهاتەکانـدا لـەم وڵاتانە(وڵاتـی سـوید زۆرتریـن بەرزبوونـەوەی هەبـووە لـە نایەکسـانیی داهاتەکانـدا). ژمـارەی بـێ جـێ و ڕێکان(واتـە ئـەو کەسـانەی کـە لـە سـەر جـادە و پەنـا و پەسـێوەکاندا دەژیـن) دەستنیشـانکەرێکی باشـە بـۆ دیاریکردنـی دۆخـی چینـی کرێـکاری ئاسـتی خـوارەوە لـەم وڵاتانـەدا، لەگـەڵ گەشـەی پۆزەتیڤـی ئابوریـدا، نایەکسـانی یـان نانکۆکیـی چینایەتـی لـەم وڵاتانـەدا زۆر بـووە.

ئێسـتا وا باشـترە چاوێـك بخشـێنین بـە دۆخ و ژمـارەی بـێ جـێ و ڕێکانـدا لـە هەندێـك لـە گرنگتریـن وڵاتانـی ئەوروپـای ڕۆژئـاوادا:

ئەڵمانیـا: ئەڵمانیـا گەورەتریـن ئابوریـی ئەوروپـا، نالەبارتریـن دۆخـی هەیـە بـۆ بـێ جـێ و ڕێـکان.

بەپێـی ئامـاری ٢٠١٢ زیـاد لـە ٢٨٤ هـەزار کـەس لـەم وڵاتـەدا جێیەکیـان نیـە تیایدا بژیـن. واتـە، لـە هـەر هـەزار کەسـێکدا نزیکـەی چـوار کـەس جـێ و ڕێیـان نیـە. ئـەم ژمارەیـە بەبـەراورد بـە سـاڵی ٢٠١٠،١٥٪ زیـادی کـردووە. زیـاد لـە ١٥٪ـی ئەوانـەی وەکـو بـێ جـێ و ڕێ داوای یارمەتییان کـردووە لە خەڵکانـی دەرەوەن. وا چـاوەڕوان دەکرێـت کـە ژمارەیـان لـە سـاڵی ٢٠١٦دا بگاتـە ٣٨٠ هـەزار کـەس.
ئینگلتـەرا: لـە سـاڵی ٢٠١٣، ١١٢ هـەزار کـەس وەکـو بـێ جـێ و ڕێ ناونـوس کـراون. ئـەم ژمارەیـە، ٢٦٪ لـە چوارسـاڵی ڕابـردوودا زیـادی کـردووە. لەسـاڵی ٢٠١٣دا ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە لـە شـاری لەنـدەن و لەسـەر شـەقام دەخـەون ٧٥٪ زیـادی کـردووە! ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە زیـاد لـە ٢٪ـی خانووەکانـی ئینگلتـەرا و بەتایبـەت ناوچەکانـی باشـور بەدرێژایـی کات چۆڵـن.
فەڕەنسـا: ئامـاری سـاڵی ٢٠١٢ ئـەوە دەردەخـات کـە نزیکـەی ١٠٣ هـەزاری پێگەیشـتوو سـود لـە یارمەتییـە کتوپـڕ و فریاگوزارییـەکان یـان شـوێنەکانی دابەشـکردنی خـۆراك وەردەگـرن. ٣٠ هـەزار منداڵیـش بخەنـە سـەر ئـەم ژمارەیـە. تێکـڕا ١٤١ هـەزار و ٥٠٠کـەس لـە خەڵکـی فەڕەنسا هیـچ جـێ و ڕێیەکیـان نیـە و بەنیسـبەت سـاڵی ٢٠٠١ـەوە ڕێژەکـە ٥٠٪ زیـادی کـردووە!
ئیسـپانیا: وا دەخەمڵێنرێـت کـە نزیکـەی ٤٠هـەزار کـەس بـێ جـێ و ڕێ بـن، بـەڵام هەروەهـا ملیـۆن و نیوێـك خێـزان لـە نـاو تەنەکـە و تەڕایـی و ئـەو شـوێنانەدا دەژیـن کـە بـە شـوێنی نیشـتەجێبوون دانانرێـت. زۆرێـك لـە خەڵـك، پەنـا و جێیەکیـان لـە جەرگـەی شـاخەکاندا درووسـت کـردووە. ژمـارەی ئەوانـەی کـە دووچـاری بێبەشـبوونی کۆمەڵایەتـی بوونەتـەوە بەتایبـەت لـە بەشـی نیشـتەجێبووندا، لـە ٧,٣ ملیۆنـەوە لـە سـاڵی ٢٠٠٧دا بەرزبۆتـەوە بـۆ ١١,٧ ملیـۆن لـە سـاڵی ٢٠١٢دا.
ئیتالیـا: لەدرێـژەی قەیرانـی ئابوریـدا، ژمـارەی بـێ جـێ و ڕێـکان لـە ئیتالیـا سـێ قـات بۆتـەوە، لـە سـاڵی ٢٠١٤ ژمـارەی بـێ جـێ و ڕێـکان بـە ٤٨ هـەزار کـەس خەمڵێـنران. ئامـاری سـاڵی ٢٠١٢ ئـەوە دەردەخـات کـە ٥٩,٤٪ـی بـێ جـێ و ڕێـکان بریتییـن لـە کۆچبـەران.
تەنیـا وڵاتـی فینلەنـدا بەبۆنـەی تەرحـی کەمبوونـەوەی بـێ جـێ و ڕێکانـەوە، خاوەنـی کەمبوونـەوەی ژمارەکەیـان بـووە. لـە سـوید گەرچـی ژمـارەی بـێ جـێ و ڕێـکان بەرزبۆتـەوە، بـەڵام ژمـارەی ئەوانـەی کـە بەڕەسـمی لەسـەر جادە دەخـەون بڕێـك کـەم بۆتـەوە.
هێنـدە بەسـە لـە خۆمـان بپرسـین ژمـارەی خانـووە چۆڵەکان(کـە بـەردەوام چۆڵـن) لـە سـەرتاپای ئەوروپـادا چەنـدن. گاردیـان لـە ڕاپۆرتێکـدا دەڵێـت کـە نزیکـەی ١١ ملیـۆن خانـووی چـۆڵ لـە سـەرتاپای ئەوروپـادا هەیـە، واتـە دوو هێنـدەی ژمـارەی بـێ مـاڵ و حاڵـەکان. لـە ئیسـپانیا بەتەنیـا ٣,٤ ملیـۆن خانـووی چـۆڵ هەیە(کـە ڕێـی تێدەچێـت زۆربەیـان بـۆ ئـەو کەسـانە بێـت بـۆ گەشـت و ڕابـواردن

ڕووی تێدەکـەن). لـە وڵاتانـی فەڕەنسـا و ئیتالیـاش نزیکـەی ٢ ملیـۆن سـەکەنی چـۆڵ هەیـە کـە کەسـی تیـا نـاژی. ١,٨ ملیـۆن خانـووی چـۆڵ لـە ئەڵمانیـا و ٧٠٠ هـەزار لـە فەڕەنسـادا هـەن.
ئـا لەمانـەوە دەتوانیـن بگەینـە چ دەرەنجامێـك: پاوانکردنـی زەوی و شـوێنی نیشـتەجێبوون لەدەسـتی بۆرژواییـدا چڕبۆتـەوە. ئەوانـە تـا دەوڵەمەندتـر دەبـن و مـاڵ و خانـووی زیاتـر دەکـڕن، چینـی کرێـکار هەژارتـر دەبێـت و ژمارەیەکـی زۆرتریـان خانووەکانـی خۆیـان لەدەسـت دەدەن و دەچنـە ڕیـزی بـێ مـاڵ و حاڵەکانـەوە. هەڵبـەت ئێمـە خۆشـگوزەرانترین شـوێنەکانی دونیامـان بەسـەر کـردەوە، شـوێنێك کـە بانگەشـەی ئـەوە دەکرێـت سـەروەت و سـامان دابـەش دەکرێتـەوە و نایەکسـانیی کۆمەڵایەتـی لەئاسـتێکی هـەرە خواردایـە، ئـەم وتەیـە دەرهـەق بـە وڵاتـە هـەژارەکان و وڵاتانـی جێهانـی سـێیەم ڕاسـت دەردەچێـت، بـەڵام ڕاسـتییەکە ئەوەیـە کـە لـەم وڵاتانەشـدا هـەژاری و نایەکسـانی [کـورد واتەنـی] هـاوار دەکات...
پێکەنین...
دەوتـرا پێکەنیـن و کۆمیدیـا، تراژیدیـا دەگەیەنێـت، ئامرازێکـە بـۆ گواسـتنەوەی عەیبـە و ناسـۆرییەکانی واقیـع. بـەڵام ئێسـتا لـە ژیانـی ڕۆژانـەی ئێمـەدا(و بگـرە لەئاسـتێکی جیهانییشـدا) شـتەکە پێچەوانـە بۆتـەوە: پێکەنیـن و هەزەلیـات، تراژیدیـا ناگوازێتـەوە، بەڵکـو تراژیدیـا درووسـت دەکات. بـە تەعبیرێکـی تـر: هەزەلیـات شـتە جدییـەکان دەکوژێـت، بـە پێکەنینێـك بابەتەکـە بکـوژە! لـە زۆر ئاسـتدا هەمـووی هـەوڵ دەدات پێبکەنێـت، تەنانـەت هەمـوو مەسـەلەیەکی جدییـش بکاتـە خۆراکـی پێکەنیـن، ژێسـتێکی لـێ درووسـت بـکات، پیشـانی بـدات قۆشـمە و ڕۆحسـوکە. بەشـێك لـەم هەمـوو پێکەنینـە زیادەیـە، بێهیواییەکـە و گەڕاوەتـەوە، بـەڵام بیانـوو نیـە بـۆ ئـەوەی ببێتـە هـۆی شـاردنەوەی بێهیواییـەکان.
سـەیر نیـە لـەو پرۆگرامـە نوێیـەی فەیسبوکیشـدا کـە پێشـبینی و هـۆکاری مردنـت پێدەڵێـت، یەکێـك لـە هـۆکارەکان بریتییـە لـە (مـردن بەهـۆی پێکەنینـەوە). کێـن ئەوانـەی ئەمـڕۆ بەهـۆی پێکەنینـەوە دەمـرن؟ ئایـا ئـەوان لەجیاتیـی ئێمـەش پێدەکەنـن؟ بـە چـی پێدەکەنـن؟
نزیکـەی ٧٠٠ سـاڵێك پێـش ئێسـتا ئەدۆرنـۆ و هۆرکهایمـەر لـە کتێبـی (دیالەکتیکـی ڕۆشـنگەری)دا شـتێکی لـەم جـۆرە دەنوسـن: ئێسـتا ئیـدی پێکەنیـن تەنیـا پێکەنیـن نیـە بەهـۆی شـتێکەوە، بەڵکـو ناڕاسـتەوخۆ پێکەنینـە بـە عەقڵـی ئـەو شـتەش. ئێمـە و دەرەوەی ئێمـەش، یـان دەبێـت بـە عەقڵـی خـۆی پێبکەنێـت، یـان بـەو سیسـتەمەی کـە پێکەنینـی بـۆ کردۆتـە وەزیفەیەکـی زیـادە و بێتـام...

# نیگا دەستکردەکان؟

ئـەوەی لـە ڕۆمانسـیاتی پێشـوودا ناودەنـرا (نیـگای یەکـەم)، ئێسـتا لـە دونیـای دیجیتاڵـدا ورده ورده بۆتـە (نیـگای مەجـازی یـان دەسـتکرد). واتـە جـاران لـە نیگایەکـی سرووشـتییەوە شـتەکە هەڵدەگیرسـا، بـەڵام ئیـتر وا دەردەکەوێـت لـە ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی کۆمپیوتـەری و درەنگـتردا هەڵبگیرسـێت. ئایـا ئەمـە هەڵوەشـانەوەی ئـەو شـتەیە کـە ناودەنـرا نیـگای یەکـەم؟

پێدەچێـت ئێسـتاش نیـگای یەکـەم لـە ئەنتەرنێتـدا هـەر وەك خـۆی مابێتـەوە، بـەڵام ئـەم نیگایـە تۆزێـك فەنتازییـترە، چاویلکەیەکـی زیاتـر کەوتۆتـە سـەر چـاوت. ئـەوەی ئێسـتا لەنێـوان ژن و پیاوێکدایـە، میدیـۆم و نێوانگرێکـی بێگیانـە کـە بیرناکاتـەوە، کـە سـەیرت دەکات و ناتبینێـت: کۆمپیوتـەر.

کۆمپیوتـەر ئـەو دەرفەتـە دەبەخشـێتە سـوبێکت تاکـو بەدەسـتی خـۆی ئـەم نیگایـە بچنێـت، کـەم و زیـادی بـکات، پێـش و پاشـی بخـات؛ بـەڵام دیسـان هـەر بـە نیـگای یەکـەم دەژمێردرێـت. پێشـتر مەودایـەك نەبـوو لەنێـوان دوو کەسـدا تاکـو یەکسـەر هەسـت بـە ڕەهەنـدە شـەیتانییەکەی نیـگای یەکـەم بکـەن، بـەڵام کۆمپیوتـەر ئـەم دەرفەتـەی ڕەخسـاندووە.

فـەزای دیجیتـاڵ، ڕەهەندێکـی نەمریـی بۆسـەر نیـگای یەکـەم زیـاد کـردووە کـە دەکرێـت پێـی بوترێت(نەمریـی ڤێـزەون): لەواقیعـدا نیـگای یەکـەم و دەرەنجامەکانـی کۆتاییـان دەهـات، بـەڵام لـە ئەنتەرنێتـدا نیـگای یەکـەم نامرێـت، «دیلیـت» ناکرێـت، بـە سـەدان فـۆرم و ڕووخسـارەوە دەگەڕێتـەوە، دوور نیـە شـتەکە ببێتـە چاوبڕیـن لـە چـاوی هەیـولا و دەعبـاکان نـەك مەعشـوقەکان...

ئەوکاتـەش کـە کۆمپیوتـەر نەبـووە، هەمیشـە نیـگای یەکـەم بـە شاشـە و چاویلکەیەکـی فەنتازیـدا تێپەڕیـوە: ئێسـتا تێدەگەیـن نیـگای یەکەمیـش نیگایەکـی کۆمپیوتـەری بـووە.

# هێرشی شمەکەکان:

ئەمـڕۆ شـت و شـمەك و كاڵاكان دەوریـان داویـن، دیـواری ئاڵۆزیـان بـەدەوردا هەڵچنیویـن، ژمارەیـان ناكۆتایـە و وەك بونـەوەری سـەیر و سـەمەرە دادەبارێنـە سـەرماندا. یـان «بۆدریـار» واتەنـی: گەرچـی شـمەكەكان لـە چەشـنی ڕووەك و گیانـەوەران نیـن، بـەڵام ئەمـڕۆ وەك جەنگـەڵ و دارسـتان دەوریـان داویـن، ئـەوە ئێمەیـن دەیانڕوێنیـن و ڕۆح دەكەینـە بەریانـدا. ئەمڕۆ بـۆ هـەر جووڵەیەكـی مـرۆڤ، پێویسـتییەك دانـراوە، كاڵایـەك داهێـنراوە، شـتێك دروست كـراوە. هێنـدە بەسـە سـەردانی سـوپەرماركێتێك بكەیـت و لـەو بـڕە زۆرەی شـت و شـمەك تێبگەیـت كـە بـۆ چركـە بـە چركـەی مـرۆڤ دروسـت كـراوە. لەگـەڵ هـەر جوڵانەوەیەكـی مرۆڤدا كاڵایەكیـش دروسـت كـراوە كە بۆشـاییت بـۆ ناهێڵێتـەوە، گوایا ئاسـانكاریت بـۆ دەكات، ئـەو ڕیزبەندییـە كامـڵ دەكات كـە بـۆ ژیانێكـی «پێرفێكـت!» پێویسـتە. بۆیـە دەكەوینـە ئـەو قەلەقـەوە بڵێیـن: شـمەكەكان دەبنـە بەشـێك لـە لـەش و پەیكـەری تـۆ، ئەندامـی تـرن و بـۆ سـەر جەسـتەی تـۆ زیـاد دەبـن، ئـەو وەزیفانـە دەگرنـە ئەسـتۆ كـە ئەندامەكانـی تـۆ پێیـدا ڕاناگـەن. یـان بـە دەربڕینێكـی دی: هـەر جـۆرە بۆشـایی و نەفەسـێك لـە سـوبێكتیڤیتە و كارەكتـەری تـۆدا بـە پارچەیـەك پلاسـتیك و ئیسـتیل و دار و شوشـە و هتـد پڕكراوەتـەوە...

شـمەكەكان لەوێـوە تـوڕەن و هێرشـمان بـۆ دێنـن كـە لە سـەردەمێكدا دەژین وشـەی «پێداویسـتی» لـە سـەر سـكەی خـۆی تـرازاوە و پەیوەندییەكـی ئەوتـۆی بـە مانـا و مەدلولەكـەی خۆیـەوە نەمـاوە...

# یەکێکی تر لە کۆتاییەکان؟

مردنـەکان و کۆتاییـەکان زوو زوو خۆیـان ڕادەگەیەنن:کۆتایـی مێـژوو، کۆتایـی ئایدۆلۆژیـا، کۆتایـی زەوی، کۆتایـی نـەوت و ئـاو و هتـد. بـەڵام کۆتاییەکـی تـر هەیـە کـە پتر دیالەکتیکییـە، واتـە لـەو کۆتاییانــە نیــە کــە بنەبــڕ ببێــت، بەڵکــو بەشــێکی دەمێنێتــەوە و بەشێکیشــی لەناودەچێــت، ڕەنگـە سـیما و بەشـە سـەرەکییەکەی تیـا بچێـت: مەرگـی ڕۆژنامـەی کاغـەز. عومـری چاپەمەنیـی کاغـەز نزیکـەی ٤٠٠ سـاڵێکە، چـوار سـەدە لـە گۆڕینـی بەردەوامـی فـۆرم و کواڵێتـی. زۆر بـوون ئەو دار و درەختانەشـی کـە کـران بـە کاغـەز، بـەڵام ئیـتر ئەمـڕۆ لـە سـایەی سیسـتەمی سـەرمایەداری و بەکاڵاکردنـدا لـە مـردن و کەمبوونـەوە و قەیرانـدان.

کێشــەی چاپەمەنیــی کاغــەز بەنیســبەت واقیعــی ئێمــەوە جیاوازتــرە، بەپێــی تەعبیــرە باوەکــە: ڕۆژنامــە لای ئێمــە بەمردوویــی لەدایکبــوو. نــەك هــەر ڕۆژنامــە، بەڵکــو گــەر دوورتــر ســەیر بکەیــن، ئێمــە بەنــاو کەلەپــور و نەریتــی نوســیندا نەهاتیــن و کەچــی خزاینــە نــاو فــەزای شــەفەوی و قســە و میدیــا و دەنــگ و ڕەنگــەوە. تــۆ تاکــو مێژوویەکــی دەوڵەمەنــدی نوســینت نەبێــت، قســەکردن لــە کۆتایــی شــتەکان یــان کۆتایــی ڕۆژنامــە مانایەکــی ئەوتــۆی نیــە. لەبــری ئــەوە دەتوانیــن بــاس لــە کۆتایــی فۆرمــی کاغــەز بکەیــن، کاغەزێــك کــە لــە فەترەیەکــی دیاریکــراودا نەریتێکــی قســە و هــەواڵ و پەیامــی تایبەتــی دەگوازێتــەوە.

ئەمڕۆ لەنـاو لاپتـۆپ و ئایپـاد و ئامێرەکانـی تریشـدا، هـەوڵ دەدرێـت لاسـایی کاغـەزە واقیعییەکـە بکرێتــەوە. ئــەو هەســتەت بداتــێ کــە تــۆ دیســان لەبــەردەم پەڕەیەکــی کاغەزدایــت و ئاســانتر مامەڵــەی دەکەیــت، کەچــی بــە شــێوەیەکی ئەبســتراکت هەڵیدەدەیتــەوە. ئــەم ڕیاکارییــەی نــاو دیجیتــاڵ، بەردەوامــە. ئــەو ڕیاکارییــەی کــە واقیــع فرێــدەدات بــۆ ئــەوەی دیســان واقیــع لەنـاو دونیـای دیجیتاڵیـدا دروووسـت بکاتـەوە. شاشـەی سـێ ڕەهەنـدی(3D)، یەکێکـی تـرە لـەو ڕیاکارییانـەی کـە دەیەوێـت جارێکـی تـر لەنـاو مەجـازدا واقیـع دروووسـت بکاتەوە.ڕەهەندێکـی

ڕاستەقینە بداتەوە بە دیجیتاڵ تاکو سوکتر واقیع ئەزموون بکەیت.
پەیوەندیی چاپ و نەمری، مەسەلەیەکە و مشتومڕی لەسەرە. هەندێك دەڵێن چاپ شوێنی مردنی نوسینە، شوێنی کۆتاییهاتنی پیتەکانە. بۆ ئەوەی لەم بۆچوونە تێبگەین دەبێت سەیری پێچەوانەکەی بکەین: هەندێك دەڵێن چاپ شوێنی مانەوە و نەمریی وشەکانە، لەوێدا تۆمار دەکرێن و دەمێننەوە، هێرشی ڤایرۆس و سەرشێتانەی دیجیتاڵ لەناوی نابات. لەم نێوانەدا شتێکی دی هەیە: گەرچی کۆمپیوتەرەکان و سایتە تایبەتەکان، مەخزەنێکی خەیاڵیی هەڵگرتنی فایل و دۆکیۆمێنت و کاغەزی پەتیین، کەچی ئەوە کاغەز خۆیەتی کە مامەڵەیەکی سەرڕاست لەگەڵ زاکیرەتدا دەکات، لەمسی دەکەیت، جۆرێك لە بەرکەوتن و یادەوەریی لەگەڵدا درووست دەکەیت، جگە لەوەش گەر بتەوێت ڕۆژنامەیەکی متمانەپێکراو بخوێنیتەوە ئەوا کاغەز پتر جێی دڵنیاییە، زۆرجار کاغەز واتە دەزگا، واتە سەرچاوەی مەلموسی هەواڵ. چی دەبێت گەر چاپی کاغەز بەتەواوی پاشەکشە بکات و ئیتر ئەم ئۆبێکتە مەلموسە نەگریتە دەستەوە؟ ئایا ڕێ بۆ چ جۆرە نەخۆشییەك خۆش دەکات کە مرۆڤێکی کاغەزخوێن دەستی بە ئۆبێکتی خۆیدا ناگات؟
نزیکبوونەوەی دراوسێکان، هۆکاری یەکەمی مردنی ڕۆژنامەی کاغەزین. نزیکبوونەوەی دراوسێکان، واتە نزیکبوونەوەی هەموان لە هەموان، واتە جیهانگیری. لە جیهانگیریدا، هەموان هەواڵی یەکتر دەزانن. ئەوەی بە لێشاو دادەبارێت، هەواڵە، هەواڵ لەمسەر بۆ ئەوسەر: ئەویش لەڕێگەی میدیای خێرا و کورتەنامەی مۆبایل و لینکە بێ شومارەکانی ئەنتەرنێتەوە. گەر لەژێر ڕێژنەی هەواڵدا بین، ڕۆژنامەی کاغەز ئەو بڕەوەی دەمێنێت؟ ئەی شیکاری هەواڵەکان چیی لێدێت؟ مەگەر ڕۆژنامە ئەو وەزیفەیە ناگرێتە ئەستۆی؟ بەڵام لێرەوە فەیسبوك خۆی قوت دەکاتەوە و هەر شیکەرەوەیەك لە ئەکاونتی خۆیەوە دەتوانێت میدیایەك بێت. ئەم میدیا تایبەتەش، سەرەتای ئەو شەپۆلە زۆرەی گەمژەیی بوو کە کارەکتەری ڕووکەش و بەتاڵ و هەمەپەسەندی درووست کرد: کۆمێنت و ئەکاونتەکان، نوێنەری ئەو گەمژەییە پۆستمۆدێرنەن کە هەموان دەتوانن وەك دووڕگەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو بدوێن و بۆچوونیان هەبێت، بەیەکسانی قسە بکەن و دیموکراسی لە ئاستە ئایدیاڵییەکەیدا بێننەدی. ئەی چ بەربەستێکی عەقڵانی هەیە؟ هیچ. تەنیا یاسا نەنوسراوەکانی کۆمەڵگا هەیە کە ئەویش لە فەزای مەجازیدا تووشی گرژی و ئاوەژووبوونەوە بۆتەوە.

نەریتـی کاغـەز شـتێك نیـە بەتـەواوی لەنـاو بچێـت. گـەر لـە ئاسـتی ڕۆژنامـەدا وشـك بـكات و بگاتـە بنبەسـت، ئـەوا لـە کتێـب و گۆڤـاری نوخبەویـدا هـەر دەمێنێـت. نیـۆرك تایمـز و واشـینگتۆن پۆسـت، ئێسـتاش دەردەچـن، گەرچـی ئـەم دەرچوونـە پـتر بـە مانـای (مـەسرەف کـردن) دێـت.
باشـتر وایـە ڕێـژەی ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان لـە کوردسـتان تـا ئاسـتێکی زۆر کـەم ببنـەوە، بـەڵام قەرەبـووی ئەمـە لـە جێیەکـی تـردا بکرێتـەوە، هێـزی ئەمـە بچێتـە نـاو چەنـد کتێـب و گۆڤارێکـی ڕاسـتەقینە و فیکرییـەوە. PDF گەرچـی فۆرمێکـی قەشـەنگی کتێبـی ئەنتەرنێتییـە، بـەڵام ناتوانێـت ببێتـە جیگـرەوەی ئـەو کتێبـەی جاروبـار وەك ڕیتواڵێکـی ڕۆحـی دەچیـت سـەیرێکی دەکەیـت، یـان ئـەو کتێبـەی وەك دیـاری وەری دەگریـت، یـان خەتێکـی ڕەنگاوڕەنـگ بەژێـر دێڕەکانیـدا دەهێنیـت و دەبیتـە شـەریکی نوسـەرەکە...

# بەرنامەی شەقام...

بەرنامـەی شـەقام (و هاوشـێوەکانی) لـە میدیـای ناوخـۆ و دەرەوەشـدا، دەچنـە چوارچێـوەی ئـەو شـتەوە کـە ئـالان بادیـۆ پێـی دەڵێـت (تاسـە بـۆ ڕیـاڵ)، واتـە تاسـە و تامەزرۆیـی بـۆ شـتە قێـزەون و قەدەغـەکان، بـۆ پنتـە حـەرام و ترسـناکەکان، بـۆ ئەزموونکردنـی ئـەو شـتانەی کـە نابێـت بێنـە نـاو واقیعـەوە، چونکـە لانیکـەم واقیـع ڕادەگـرن، بـڕ و هاوسـەنگیی چێـژ دەپارێـزن و هتـد...

نهێنـی و کۆمەڵێـك شـتی شەخسـی، جۆرێکـن لـە ڕیـاڵ. ئـەو پێـچ و درزانـەن کـە واقیعـی کۆمەڵایەتـی ناتوانێـت بیانڕەمزێنێـت و بیانگرێـت و ئاشـکرایان بـکات. کاتێـك هـەوڵ دەدرێـت ئەم ڕاز و ڕووداوە تایبەتییانـە بخرێتـە سـەر شاشـە و بدرێتەگوێـی بینـەردا، ئیـدی ئـەو چێـژە قێزەونـە دەکەوێتـە ئیـش کـە دەیەوێـت ڕیـاڵ ئەزمـون بـکات. هـاوکات ئـەم بەرنامانـە پەیوەندییەکـی ئەوتۆیـان بـە کرانـەوەی کۆمەڵایەتـی و ڕێـژەی ئـازادی و ڕاشـکاوییەوە نیـە. بگـرە جۆرێـك لـە حـەزەر و سـڵکردنەوە درووسـت دەکاتـەوە...

نهێنییـەکان، موڵکـی کەسـێك و دووان و زیاتـر نیـن، موڵکـی پانتایـی ڕەمـزی و کۆمەڵایەتییـە بـۆ ئـەوەی خـۆی ڕابگرێـت...

# دکتۆرەکان...

دوو سێ خاڵی باو هەیە کە زۆرێك لە خەڵك دەیڵێنەوە: پزیشکەکان مەغروورن، مامەڵەیان سارد و بێڕەحمە. ئەم خاڵانە لەکوێوە دابەزیونەتە ناو ژن و پیاوە ڕەش و ڕووتەکان؟
دیارە پزیشکی وەك زانستێکی مۆدێرن، بەشێك لەو ساردی و ئامرازیبوونەی دونیای مۆدێرنی بەرکەوتووە. هاوکات وەك بەشێك لە ڕیشە دینییەکانی مۆدێرنەش، دەسەڵاتێکی خودایانە هاتۆتەوە بۆ ناو دەستی دکتۆرەکان: دکتۆر وەك فریادڕەس و ڕزگارکەری ژیان، وەك بڕیاردەر و پشکنەری لەش. دەستوخەتی پزیشکەکان هەوڵێکی نائاگایانەیە بۆ پێدانی ڕەهەندێکی موقەدەس بە نوسین و پەیامەکانیان، بەدەر لەوەی چ هۆیەکی تەکنیکیی لەپشتەوەیە.
ئەرشیفێکی گەورەی چیرۆك هەیە لای خۆمان بۆ مامەڵە و زمانی ترۆهاتی پزیشکەکان(دەبێت نەکەوینە ناو لۆژیکی هەندێك کەناڵەوە کە مامەڵە بەم کەیس و ئەرشیفەوە دەکەن). هەموو نەخۆشێکی جەستەیی، پێویستی بە ڕەچاوکردنێکی دەروونییشە. زۆرینەی پزیشکەکانی ئێمە، ئەمە نافامن، سۆز و ئەتەکێتی ئاخاوتن تێناگەن. نەك تەنیا لەبەر ئەوەی هاوڵاتیانی ئێمە، خەڵکێکی ڕەش و ڕووت و بەستەزمانن؛ لەبەر ئەوەش کە جەستە و دەروون یان جەستە و زەین چیتر دوالیزمێکی دیکارتی و دابڕاو نیە و پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە.
چی دەبێت گەر تا ئێستا دیمەنەکە ئاوەژوو بووبێت: دکتۆرەکانمان لە نەخۆشەکان نەخۆشتر بن؟ (وەك باوە بڵێین ڕێزمان بۆ باشەکان هەیە، بەڵام باشەکان خۆیان باشن و بگرە ناشزانن باشن، ئەوەی کە نەزانیت باشیت یەکێکە لە سیفەتە ڕاستەقینەکانی باشبوون).

# مەتەڵێکی نوێ:

ئەمـڕۆ سـایتەکان لینکێـك دادەنێـن و سـەردێڕێکی تەمومـژ دەکەنـە هـەواڵ و ناچـارت دەکـەن بـەدوای لینکەکـەدا بچیـت. وەك بڵێـی هەواڵەکـە جۆرێکـە لـە مەتـەڵ، جۆرێکـە لـە نهێنـی و تەمومـژ. پرسـیارەکە ئەمەیـە: ئـەم شـاردنەوەیە بـۆ؟
١. وەڵامێکی باو: بۆ ئەوەی ناچار بین بچینە ناو ماڵپەڕەکەوە و چالاکی بکەینەوە.
٢. بـۆ ئـەوەی هەواڵەکـە بـەو هەرزانییـە دەرخـواردی خەڵـك نەدرێـت، خەبەرەکـە تاقانـە و تایبەتـە.
٣٣. وەڵامـە فیکرییەکـە: ئەمـڕۆ ئـەوە ئێمەیـن کـە داوا دەکەیـن هەواڵەکەمـان لـێ بشـارنەوە. ئێمەیـن بـە نامەیەکـی ئـاوەژوو داوامـان کـردووە، نهێنییەکەمـان نەخەنـە بەردەسـت: چونکـە دەبێـت بچینـە نـاو گەمـەی شـاردنەوە و ئاشـکراکردنەوەی زانیارییەکانـەوە، ئەمـڕۆ شـەپۆلێك زانیاریـی سـارد و کوشـندە دێـت و دەچێـت و ڕامانناچلەکێنێـت: بۆیـە وا خـۆت دەرخـە کـە نازانیـت چ ڕوویـداوە.
ئـەم جـۆرە لینکانـە، دەرکەوتەیەکـی تـری دونیـای پۆستمۆدێرن(ــی لۆکاڵـی)ن: دونیـای نیشـانەکان، دونیـای شـوێنپێ و ئاسـەواری یەکلـەدوای یـەك. چەندیـن سـەعات شـوێنپێ و شـوێنەواری لینکـەکان هەلبگـرە، چێـژ وەربگـرە، نهێنییـەك لەئـارادا نیـە.

# نەورۆز: دیالەکتیکی زەوی و ئاسمان

«نـەورۆز» جۆرێکـە لـە دیالەکتیکـی زەوی و ئاسـمان بـۆ کـورد. واتـە هـەم بۆنەیەکـی زەمینییـە و هـەم ئاسـمانییش. دەتوانیـن بـە کۆمەکـی یەکێـك لـە گـوزارە بەناوبانگەکانـی هیـگڵ ئەمـە ڕوون بکەینـەوە. هیـگڵ دەڵێـت «ڕۆح، ئێسـقانە». واتـە ڕۆح لـەو کاتـەدا کـە دەیەوێـت ببێتـە ڕۆح، ئیـدی شکسـت دێنێـت و دەبێتـە ئێسـقان. ڕۆح بەرهەمـی شکسـتی خۆیەتـی. ئـەم شکسـتەیە کـە شوناسـی ڕۆح درووسـت دەکات. ئێسـقان مادیبوونەوە و ڕەقبوون و بەرجەسـتەبوونی شکسـتی ڕۆح خۆیەتـی. ئەمـە تێـز و میتافۆرێکـە بـۆ زۆر کێشـەی تریـش. نەورۆزیـش لەوکاتـەدا کـە دەیەوێـت ببێتـە بۆنەیەکـی ئاسـمانی، ئـەوا شکسـت دێنێـت و دەبێتـە جەژنێکـی زەمینـی. ئـەم شکسـتە شوناسـە ئاسـمانییەکە درووسـت دەکات و بەسـەر خۆیـدا دەیشـکێنێتەوە، بۆیـە شکسـتێکی پاسـیڤ و بـێ بەرهـەم نیـە. ئـەم شکسـتە، ئـەو سـەرکەوتنەیە کـە دەتویسـت لەڕێـی شکسـتەوە پێـی بگەیـت.

لە نەورۆزدا، ئاسمان دێت بۆ سەر زەوی...

# وێنەی جەنگێکی نوێ:



• ژنـە کوردێکـی جلـڕەش، بـەرد دەگرێتـە داعشـێکی کـوژراو. بـە دەربڕینێکـی تـر، زیندوویەکـی مەغـدوور تۆڵـە لـە مردوویەکـی ترسـناك دەکاتـەوە. بـەڵام لەم وێنەیـەدا، شـتێك دیـار نیـە، شـتێك کەمـە. نابینرێـت. (دۆنادۆنـی تـازەی سیسـتەم بـەم جۆرەیـە: ڕۆحـی شـەیتانە گـەورەکان دەچێتـە کەوڵـی شـەیتانە بچـوك و گەمژەکانـەوە). لـە پشـتەوە یارییەکـی گەورەتـر دەگوزەرێـت. سیسـتەم، زیـادە و فڕێدراوەکانـی خـۆی دەبەخشـێتە فەندەمێنتاڵیزمـی دینـی، بەشـێك لـە سـەر و شـکڵی خـۆی دەلکێنێـت بـە تیرۆریسـتەکانەوە: هـەر داعشـێك دوو سـەری هەیـە.

پاشکۆ:

•بڕیارێکـی قـورس، بـەڵام سـادەش: دەبێـت ئـەو وێنـە ڕۆمانسـییە تێـك بشـکێنین کـە بەتایبـەت لـەدوای ٢٠٠٣ــەوە بـۆ ئەمریـکا هەمانـە: دەبێـت بەجۆرێکـی تـر لـەو خراپـەکارە زەبەلاحـە نزیـك بینـەوە، کـە بزانیـن دۆسـتمانە.

# 4

# From the Absurdity to Resistance

Waleed Omer